# "نەتەوە " ئەفسانەیەکە دروستکراوی ناسیونالیزمەو لەگەڵ جەوهەری ئیسنانی دژایەتی هەیە!*

## وەلامێك بە چاودێر

## دواین بەش

**سامان کەریم**

zaryak@yahoo.com

کاك ئازاد عەلی لە چاودێری 88دا گەیشتۆتە 9 بەش سەبارەت بە وەلامەکانی بە وتارەکەم. من ئەمە دواین بەشە دەینوسم. چونکە باسێك کە ئازاد عەلی دەیکات لەوە دەرچوە کە پێویستی بە وەلام بێتو خوێنەریك سودی لیّ‌ببینێت. بەتایبەت لە بەشەکانی 8و نۆهەمیدا وای لیهاتوە کە خوێندنەوەی کوردی بیرچۆتەوە. رەخنە لە لەشتێك دەگرێت کە نە نوسراوەو نە وتراوە لەلایەن منەوە. لەبەشی هەشتیدا باسێك دەکات لە سەر ریفراندۆمو کەرکوك لە گۆشەی باسەکەی نێو گوڤاری کاریکاتیری سیخۆرمە دەچێت" بیّ رەبت". لە بەشی نۆمەدا کەدیتە سەر باسی کێشەی نەوت لەکەرکوك بۆنی نەوتو تەماحی نەوت وای لێکردوە کە کوردی لەبیر بچێتەوە، بەتایبەت لەمبەشەدا کە خەریکی نوسین بوە، خەڵکی کوردستان تیکرا خۆپیشاندان دەکەنو لەسەر دەستی رابەرانی نەتەوەدا لێیان دەکوژریتو خوێن دەرژێت، ئەمەش هەموو پروپاگەندەی ئازادیخوازییو رزگاریخوازییەکەی و تەنانەت" یەك رەچەلەکیو یەك نەژادییە"کەی کاك ئازادی بردوە بە ئاسماندا. ئەوە چۆنە جەندرمەو پۆلیسی هاو ڕەچەلەکی کاك ئازاد "هاو نەژادو هاو ڕەچەلەكو هاو زمانو هاو هاو هاوەکانی" کەش گوللە باران دەکەن؟!

## نەتەوە ئەفسانەیەکی نوسراوو دروستکراوی ناسیونالیزمە!

مێژوی سەرهەڵدانی نەتەوەو پێکهاتنی نەتەوەکان، پرۆسێسێکە لە مێژودا کۆن نیەو مێژوەکەی لە 200 تا 250 ساڵ تێپەر ناکات. توێژینەوەو لیکۆلینەوەو تیورسازی لەسەر نەتەوەو پاشان گرنگی پیدان بەم مەسەلەیە، مێژوەکەی لە 30 ساڵ تێپەر ناکات. دیارە باسی من ئەوە نیە کە هیچ بیریارو دەسەلاتدارێك لە سەدەی نۆزدەهەمدا یان دواتر لە سەدەی بیستدا باسی نەتەوەی نەکردبێت، چونکە زۆربەی نەتەوەکان لەسەدەی نۆزدەدا بە پێناسەی کۆنکریتی خۆیانەوە پێکهاتن بە تایبەت لە ئەوروپادا، واتە دەوڵەتیان پێکهێنا. باسی نەتەوە کراوە بەلام جیگای مشتومڕو گرینگی پیدان نەبوە، ئەوەتا ستیورات میلو ئەرنست رینانو مارکسو... بەشیوەیەك لەشێوەکان خۆیان داوە لەم باسانە و لەگۆشە نیگای خۆیانەوە قسەیەکیان لەسەر کردوە، بەلام نەبۆتە باسێکی فراوان گرینگ. بابزانین کاك ئازاد چیمان پێدەلێت لەسەر نەتەوە. ئەو لەبەشی دووەمی نوسینەکەیدا لەژمارەی چاودیردا81دا دەنوسێت" نوسەر(مەبەستی سامان کەریمە) باسی نەتەوە وەکو پرۆسێسیکی مێژوکردی کۆمەلایەتیو سیاسی ناکات بەڵکو هەر لە بنەچەوە دیدێکی دوژمنکارانەی بەرانبەر بە نەتەوە هەیە... هەرگیز نایەوێت بگەرێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی مێژوی پرۆسەی نەتەوەیی نەژادەکانو نەژاد چۆن چەکەرەدەکاتو، چۆنیش گەشەدەکاتو، چۆنیش سەرئەنجامی پەرەسەندنی قۆناغە کۆمەلایەتیەکان، نەژادەکان کامڵ دەبیّو پێکهاتەیان لە بۆتەیەکی ناسیونالستیو نیشتمانیدا دەتوێتەوەو دەبێتەوە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی بابەتی . ئەم راستیانە لای نوسەر هیچ بایەخێکیان نیە"( کەوانەکەی ناوەوەو تەئیکدەکان هی منن). تەنها رستەی کۆتایی کاك ئازاد راستە، کەلای من ئەوانە بایەخیان نیە. زۆر سادە لە بەرئەوەی لینگەوقوچن. دیارە مێژوی نەتەوە دروستکردن پرۆسەیەکی مێژوییەو لە بۆتەی ململانیّو کێبەرکێیەکی سیاسیدا پێکهاتوە، بەلام هەرگیز ئەم مێژوەو فاکتەرە یەکلاییکەرەوەکانی پەیوەندی نەبوە وە نیە بە رەچەلەكو نەژادو تەنانەت زمانو نیشتمانیشەوە. من دێیمە سەر ئەوەی کە نەتەوەی کورد چۆن پێکهاتوەو چۆن ئەفسانەیەك کە نێوی نەتەوەیە دەکرێت بە واقعو بەیەکێك لە حەساسترینو هەستیارترین کێشەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای عیراقو کوردستان.

یەکێك لەوپایەیە سەرەکیەکانی ناسیونالیزمی قەومی بەخیلافی ناسیونالیزمی لیبرالەوە پشتی پێدەبەستێت بۆ پێکهێنانی نەتەوە بونی زمانی هاوبەشو ئەتنیەت کە ئەمەی دواییان گرێدەدرێتەوە بەرچەلەكو نەژادو هەروەها کلتوری هاوبەش کە دابو نەریتو.... جیاواز دەگرێتەوە. بەلاّم لەکوردستان، نەتەوەی کورد وەکو نەتەوەیەك لەم بارەشەوە لەگەڵ کەموکوڕییەکی زۆر گەورە بەرەو ڕووە. کورد زمانێکی هاوبەشو یەکگرتوی لێدوانو نوسینی نیە. تەنانەت دیالێکتی کرمانجی بەتەواوی لەباری نوسینەوە لەناوچەکەیەوە بۆ ناوچەیەکی تری نیو بادینان لە نێو کوردستانی عێراقدا دەگۆرێتو ئەوە هیچ کە تێگەیشتنی شەفەهی دیالکتیکی کرمانجیو سۆرانی مەودایەکی گەلێك فراوان لەنێوانیاندا هەیەو ئەم زمانە ئاسۆی گەیشتن بەزمانیکی یەکگرتووی نوسینی هیجگار کەمە ئەگەر نەلیم هەر نیەتی. چەندین نوسەر لەمبارەوە دەلێن کورد نەتەوە نیە چونکە زمانی هاوبەشی نیە. لەباری مێژووی زمانی کوردیشەوە. مێژووی ئەم زمانە هەم کۆن نیە، هەم ئەوەی کە هەشە بۆ ئەوەی بتوانین وەك زمانیکی جیاوازو برێك پاراو مامەڵەی بکەین ناگاتە 100ساڵو خۆ ئەگەر هۆنراوەی شاعیرەکانی کورد لەنالیو پێش نالیەوە

بخوێنینەوە ئەوە ڕێژەی زمانەکانی دەوروبەر بەتایبەتی عەرەبی تیایدا هیجگار زیاترەو دەتوانین بڵێین زمانی مەلاکانی کوردستان بوە کە کاریگەری زمانی عەرەبی هەمەگیربوە بەسەریاندا. ئەمەبەجیا لەوە ئەگەر فەرزبکەین کورد زمانیکی پاراوی هەبوەو زمانەکەی مێژویەکی کۆنی هەبوەو تەنانەت قابیلی ئەوەیە کە زمانیکی یەکگرتوو پەیدا بکات. ئەوکاتیش زمان فاکتێك نیە کە یەکلایکەرەوە بیت لە پیکهێنانی نەتەوەکاندا. تەماشای نەتەوەی سویسرا بکەین 4 زمانی ڕەسمی لەدەستوردا هەیە بەلام یەك نەتەوەی سویسریمان هەیە. پێچەوانەکەشی دروستە بەرازیلو پورتوگال یەك زمانیان هەیە کە پورتوگالیە بەلام دوونەتەوەی جیاوازن، ئیسپانیاو کوباو.. یەك زمانیان هەیە بەلام دوونەتەوەی جیاوازن. زمانی ئینگلیزی... یەك زمان بەلام نەتەوەی ئەمەریکیو ئۆسترالیو کەنەدیو...نەتەوەی ئیتالیا "لەکاتی یەکگرتنو پێکهاتنی دەولەتی ئیتالیادا تەنها 2.5٪ دوو نیوو لەسەدا بەزمانی ئیتالی رەسمی قسەیان کردوە." بەهەمان شێوە زمانی فەرەنسی لە فەرەنسادا لەساڵی 1789دا واتە ساڵی شۆرش" تەنها 12–13٪ لەسەدا دوانزە تا سیانزە بەشێوەیەکی راست قسەیان پیکردوە... بەلام لە باکورو باشوری فەرەنسادا هیچ کەسێك نەبوە لەباری عەمەلیەوە بەزمانی فەرەنسی قسەبکات".( ئیریك هوبسباوم. الأمم والنزعة القومية/دار المدى. ترجمة عدنان حسين).

فاکتەریك کە ئازاد عەلی باسی دەکات نەژادو رەچەلەکە. ئەمباسە هیچ پەیوەندییەکی نە بە مێژوی پێکهانی نەتەوەوە هەیە نە زانستیەو ، زیاتر ئەفسانەیەو ئەیەوێت نەتەوە لە ئاوینەی مێژودا پێك بهێنیت. بەشێکی سەرەکی سیاسەتی ناسیونالیزم بەتایبەت ناسیونالیزمی قەومی کەپایەکەی خۆی دەگێرێتەوە بۆ ئەتنیەت، هەمیشە لەباری سیاسیو بۆ دروستکردنی باکگراوندێك لەقولایی مێژوودا بۆ خۆی واتە بۆ هیزی سیاسی ناسیونالیزمو مەشروعیەت دان بە بوونی خۆیو سیاسەتەکانی پێویستی بەم لینگەوقوچکردنی زانستو تەواوی زانستە سوسیولوژییەکان هەیە، ئەنست رینان دەلێت"بەلارێدابردنی نەتەوە بۆمێژوەکەی، بەشێکە لەبونی وەك نەتەوە". ئەگەر بەپێی ئەم فاکتۆرە بێت واتە رەچەلەكو نەژاد کە دەگەنەوە  ئەتنیەت ئەوا دەبیت لایەنی کەم زۆر ئاسان ئەمەریکاو ئۆسترالیاو نیوزلند لە نەخشەی نەتەوەکانی جیهان بسڕینەوە لەوەش زیاتر دەبیت کلینتۆنو هیلاریو تۆم کروزو جینیفەر لۆبزو ئەرنۆلد... دەیانو سەدانی دیکە کە لە ناسراوانی جیهانن نەك نابێت سەرۆکی ئەمەریکاو ئەندامی مەجلیسی پیرانیو سەرۆکی ولایەتێکی یان ئەکتەرو گۆرانی بێژی بەناوبانگی ئەمەریکی بن بەلکو دەبێت دیپۆرت بکرینەوە بۆ ئیرلەنداو ئۆسترالیاووولاتانی ئەمەریکای لاتینیو ئەوروپاو خۆ دەبیت زالمای خەلیل زادە کە دۆستی ئێستای کاك ئازادو حزبەکەیەتی دەبێت نەك سەفیری ئەمەریکا بێت بەلکو دەبیت دیپۆرتی ئەفغانستانی بکەینەوەو بخرێتەوە ژێر رەحمەتی هێرشەکانی تاڵیبان. شێخەکانی کوردستانیش هەموویان دەلێن شەجەرەکەمان دەچێتەوە سەر شێخ عیسیو موسای بەرزنجەو ئەوانیش عەرەبن. لەوەش زیاتر دەبیت بەلجیکاو سویسراو صربو کرواتیا یان دوو دوو تێکەلیان بکەین یان ئەوەتا دەبیت سویسرا بەسەر 4 دانە رەچەلەکدا دابەش بکەینو صربو کرواتەکانیش بکەینەوە بەیەك. من نازانم رەچەلەکی کاك ئازاد چیبوە چۆن پێش هەزار ساڵ دەشێت وەك تاکێکی نەتەوەی کورد بونی خۆی بسەلمێنێتو چاندبێتیو دواتر چەکەرەیکردبێتو تا دەگاتە ئەمرۆ، بەمەش قولایی کوردبونیخۆیو نەتەوەی کورد لەمێژودا بسەلمێنێت. ئەمە زیاتر لەباسی زەرعات دەچێت وەك لەباسی پرۆسێسی پێکهاتن یان دروستکردنی نەتەوە. ئەمە خوارفەیە. نەتەوە هەمیشە لە مێژوی خۆیدا پێویستی بەوە هەبوو کە پێناسەی بۆ دروست بکرێت، واتە بزوتنەوەی سیاسی ناسیونالیزم بە شێوە جیاوازییەکانەوەو کەسایەتیو ئەحزابی سیاسی پیناسەی جیاواز جیاوازیان بۆ داتاشیوە بەپێی هەلومەرجی جیاوازی شوێنە جیاوازەکان یان وولاتە جیاوازەکان. من دەزانم کاك ئازادو نوسەرانی ناسیونالیزمی کورد پێویستیان بەوەهەیە کە بگەرینەوە سەر نەژادو ڕەچەلەكو لەم رێگەشەوە بۆ قرابەو  خوێن بۆ ئەوەی بیکەنە بناغەیەك بۆ دروستکردنو کاملکردنی نەتەوەیەكو نیشانی بدەن کە هیچ غەڵو غەشێکی تێدانیەو بەقولایی مێژودا چۆتە خوارەوە. بەتایبەت بۆ نەتەوەی کورد کە خاوەنی ڕۆشنبیرییو کالچەرێکی گەورەو فراوان نیەو لەهەمانکاتیشدا بەشی زۆری کالچەرێك کە ناسیونالیزمی کورد هەیەتی پەیوەندی نیە بە تاکی کوردەوەو زیاتر ڕێزگرتنە لەخۆیو لە رموزەکانی لە ئەفسانەو خورافەیەك کە بۆخی داتاشیوە، کاوەی ئاسنگەرو کوشتنی زوحاكو ئاگر کردنەوەی نەورۆزو شەهیدەکانی.... کە نایەتەوە لەگەڵ پێداویستیەکانی دنیای هاوچەرخو لەهەمانکاتیشدا خەڵك بێزار بوە لێیان. بۆیە پێویستی بەوەیە بلێت نەتەوە لە خوینماندایەو لە ئەژدادماندایە. ئەمە بەجیا لەوەی کە هەریەك لە ئیرنست گیلنەرو هوبسباوم باسی کورد دەکەن لەم چوارچیوەیەداو گیلنەر تا ئاستی قەبیلەو عەشائیر tribal باسی کوردو صومالیەکان دەکات کە لەناوەوە قەبیلەنو لەدەرەوە توشکالێکی نەتەوەییان هەیە.  بەلام لەهەمانکاتدا هەموو بەڵگە مێژوییە کۆنو تازەکان ئەوە دەسەلمێنن کە فاکتەری دیاریکەر بۆئەتنیکێك وەك یەکەیەکی ریکخراوی کۆمەلایەتی نەك نزیکایەتیو خزمایەتیو خوینە بەلکو زیاتر بەرژەوەندی ئەو کۆمەلە بوە کە وەك ئەتەنیك خۆیان نیشانداوە، چ لە ڕوی ئابوریەوە یان لەباری پاریزگاری کردن لەخۆ کە لەباری ڕۆشنبیری(بەمانای فراوان) خۆیان جیاکردۆتەوەو لەلایەن ئەمیر یان ئرسترۆکراتێکەوە سەرپەرشتی کراوە نەك فاکتەری بایەلۆجیو گەرانەوە بۆ جینە بۆماوەییەکان. ئیمارەتە کوردییەکان هەرهەموویان وەك یەکەیەکی ریکخراوی سیاسی ،

فاکتەری حاسم بۆ پیکهێنانیان خزمایەتی و ڕەچەلەك و نەژاد نەبوە، هەروەها لەسەرپایەی ئەوەنەبوە کە وەکو نەتەوەی کورد یان ئەتنی کورد پیك بێن، بەڵکو لەسەر پایەی بەرژەوەندەی یەکەیەکی ناوچەیی یان خێڵەکی و عەشیرەتی بوە کە بەگشتی لەلایەن دەرەبەگەکانەوە براوە بەرێوە جا بەگ یان ئاغا یان شێخ و هەڵبەتە ڕوپۆشێکی ڕۆشنبیریان داوە بەخۆ . من نازانم کاك ئازاد چەند شارەزایی هەیە لە توێژینەوەی protohistory دا(پرۆتۆهیستۆری: توێژینەوەیە لەسەر ئینسان لە چاخەکانی پێش مێژوی نوسراودا) وا بە دڵنیایەوە ڕەچەلەکی خۆی بە ناونیشانی تاکێك لە نەتەوەی کورد شۆر دەکاتەوە بۆ چاخە تاریکەکانی پێش مێژووی نوسراو بەلام باسی دەرکەوتنی کورد وەك نەتەوەیەك بڕوا ناکەم لەتەمەنی کاك ئازاد تێپەربکات. بەڵام زەبونی و جەبونی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانیەتی کە پەنا دەبەنە بەر ڕەچەلەك و نەژادو ڕەگەزو شتی لەمبابەتە کە بەهیچ بەنی بەشەریك نەك تەنها ناسەلمێنرێت، بەڵکو پروپاگەندەو تێزگەلیکی زۆر نازانستی و نامەنتیقی و نا مێژوییە. زەبونی و جەبونیەك کە نەك تەنها لە نەبونی دەولەتیکدا خۆی دەبنێتەوە، بەڵکو لە خۆلادان لەباسکردنی و ئیدعاکردنیش بۆی. ئەگەر کوردیش هەر بەمانا نەتەوەییەکی دەولەتیکی هەبوایە کاك ئازاد پێویستی بەم ڕەچەلەك سازییە نەدەبوو، دەوڵەت بۆخۆی کۆنکریترین حاڵەتی نیشاندانی نەتەوەیەکە.

نیشتمان: بێدەوڵەت وەك کەلاکێك وایە کەوتبێت، هەریەکە لە گۆشەیەکەوە پەلاماری دەدات هەرگیز دیاریکراو نیە. بەهەمان شێوە سنورو مەودای پان و پۆری زەوییەکەی هەمیشە لەگەڵ هیز هاوسەنگی نەتەوەی دراوسێ یان نەتەوەی بەرانبەرت یان هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی دەگۆڕێت. فەلەستینیەکان لە 1948وە تا ئێستا چەندین جار سنوری وولاتی چاوەرنکراویان گۆراوە یان بۆیان گۆڕیون. لەپرۆسێسی نەتەوەسازیدا بەهەمان شێوە بوە، ڕوبەری نیشتمان دیاریکراو نەبوەو ئەویش لەگەڵ نەتەوەسازیدا کە بەدەوڵەت دەستپێکردوە سنوری دیاریکراوی داوە بەخۆی. ئەگەرچی بەهۆی حالەتی پێشترەوە لە بونی کانتۆنات و فۆنکسیۆنی کۆمەلایەتی ریکخراوو ناوچە لامەرکەزییەکانەوە تارادەیەکی کەم پیشبینی سنوری دەولەت کراوە بەلام بەگشتی زەوی نیشتمان لەپرۆسێسێکدا بوە هەمیشە لە گۆراندا بوە، یەکگرتنی ئیتالیا و ناوچەو کانتۆنە جیاوازەکانی نمونەیەکی بەرچاوی بوە. سنوری وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە پرۆسێسێکی تارادەیەك درێژ ماوەدا سنوری ئێستایی خۆی پەیدا کردو نیشتمانیخۆی نیشتمان–دەولەتی خۆی پێکهێنا. لەم نێوەدا هێز فاکتەریکی سەرەکی بوە لە دیاریکردنی پان و پۆری نیشتماندا، ئەگینا نیشتمان هەرگیز نە چوارچێوەو پێوانەیەکی سروشتی بوە وە نەبوونی هەبوە بەڵکو بە بوون کراوە... بەلام بۆ ناسیونالیزمی کورد کە جورئەتی ئەوەنەکات باسی جیابونەوەو پیکهێنانی دەوڵەت بکات لەکوردستانی عێراقدا، ئەوە باسی ئەو "نیشتمانە چاوەرنکراوە"ی باشوری و باکورییەکان هەر هیچ. بۆیە ئەم فاکتۆرە باسی زۆر ناوێت لەراستیدا باسی ئەوان باسی نەتەوە سازیە نەك چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی. باسی ئەوان گەیشتنە بەدەسەلات نەك چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی....

فاکتەرەکان زۆرن.. هیچکام لەوفاکۆرانە هۆکاری یەکلایکەرەوەنین لە پێکهێنانی نەتەوەدا.... ئەگەرچی هەندێ لەو فاکتەرانە وەك زمان لە پرۆسێسی پێش یان دوای نەتەوە سازیدا دەوریگێراوەو دەوردەگیرێت. یان لەپرۆسەی پیکهێنانی نەتەوەی بێدەولەتدا بەهەمان شێوە رۆلی خۆی دەگیرێت.. بەلام هەرگیز هۆکاری یەکلاکەرەوەنین لەپیکهێنانی نەتەوەدا. بەتایبەت باسی کلتوری جیاوازو داب و نەریتی جیاواز جگە لەکۆنەپەرستی و هەوڵدان نەبیت بۆ ئاپارتایدی نەتەوەیی و جیاکردنەوەی ئینسان لەسەر پایەی کلتورو داب و نەریت ، ناتوانریت هیچی دیکەی لێدەربکێشرێت.

بەکورتی پرۆسەی پێکهێنانی نەتەوەو نەتەوەو سازی، پرۆسەیەکە بەتەواوی سیاسیە. هیچ یەکێك لەو فاکتۆرانەی کە نوسەران و بیریارانی ناسیونالیستی باسی دەکەن، فاکتۆری یەکلایکەرەوە نین لە پیکهێنانی نەتەوەدا. فاکتی مەلموس و بابەتی، فاکتی کۆنکرێت کە دەتوانێت نەتەوەیەك لەوانی دیکە جیابکاتەوە یەکلایکەرەوە بێت، دەوڵەتە. دەوڵەت ئەو فاکتۆریە کە دەتوانێت بەسنوری و بە ئالای و بە رۆلی لەکۆمەڵگای نێونەتەوەیداو بەپیشەسازی و بە زمانی و بە... جیایی خۆی نیشان بدات وەك نەتەوەیەك.... لەمبارەوە نمونە خەرمانێکە بەلام ئەم دوو نمونەیە سەرنج ڕاکێشن: زۆربەی جوتیارانی پۆلەندی زمان و سێیەکی دانیشتوانی کۆن پێش ساڵی 1872 کە بە زمانە ناوخۆییەکانی تر قسەیان کردوە، شعوری ئەوەیان نەبوە کە ئەوان قەومی پۆلەندین، بۆیە سەرکردەی رزگاریخوازی پۆلەند کولونال بیلسودسکی دوای ئەوە بە 8 ساڵ لەساڵی 1880دا کە رزگاریان دەبێت دەلێت" ئەوە نەتەوە نیە کە دەوڵەت دروست دەکات، بەڵکو دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات" بەهەمان شێوە ئیتالیا لەدوای رزگاربویان لە دەسەلاتی نەمسا، ماسیمو دازیلیو دەڵێت " ئیتالیامان دروست کرد، پێویستە لەسەرمان ئیتالیەکان دروست بکەین".

## *ناسیونالیزمی کورد لە کوردستانی عیراق و دروستکردنی نەتەوەی کورد :

بەلام کورد وەك نەتەوە، دیسان دەستکردی ناسیونالیزمی کوردە بە وێنەی بزوتنەوەیەکی سیاسی. باسی من باسی شاعیرو نوسینی شیعر یان قسەکردنی رۆشنبریك نیە، هیچ یەك لەمانە ناتوانێت دەوری گرینگی هەبیت لە پێکهێنانی نەتەوەیەکدا ئەگەرچی لە ئاستێکی دیاریکراودا

ئاماژە بۆ زەمینە خۆشکردنی دیاردەکە دەکات. باسی من ئەوەیە کە کورد وەك نەتەوە، بەناونیشانی سەروسیمایەك کە ئێستا هەیەتی لەکوردستانی عێراقدا بەتەواوی خۆی پێجیا دەکاتەوە لەوانی دیکە ، کاتیك دەست پێدەکات کە ناسیونالیزمی کورد پێیناوەتە چالاکی سیاسی چەکدارانەو ئیدعای دەسەلاتی کردوە. بەبروای من بزوتنەوەی چەکداری ئەیلول سالی 1961 بە رابەری بارزانی ئەو مێژوە مەلموس‌و کۆنکریتەیە لە کوردستانی عێراقدا کە ناسیونالیزمی کورد بەرئەنجامی بونی ستەمێکی نەتەوەی لەسەر خەلکی کورد زمان ، توانیویەتی ئامانج‌و سیاسەتی خوی کە بەشداریکردنە لەدەسەلاتدا بەهۆی نەتەوەسازییەوە بکاتە مەسەلەیەکی گەورەو گرینگی کۆمەلایەتی‌و بەمپێیەش کوردی وەك نەتەوەیەك ناساندوەو توانیویەتی هەستی نەتەوەیی‌و ئینتما بۆ نەتەوە بکاتە یەکیك لە فاکتۆرە سەرەکیەکانی خۆ جیاکردنەوەی خەڵکی کوردزمان لەوانی دیکەو لەباری سیاسیشەوە خواستەکانی لامەرکەزی‌و دواتر ئۆتۆنۆمی بکاتە داوا خواستێکی فراوان‌و تاڕادەیەك هەمەگیرو بەم پێیە تاڕادەیەکی زۆر تەکامل بدا بە پێکهێنانی نەتەوەکەی. دیارە باسی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ئاستی ناوچەیی دا پێویستی بە باسێکی جیاواز هەیە. بەلام بەبروای من باسی کاریگەری ناسیونالیزمی کورد لە هەر وولاتەداو مەودای کاریگەری لەسەر کوردستانەکانی دیکە هێجگار کەمتربوە لەکاریگەرییەك کە حکومەتی مەکەزی ئەو وولاتە هەیبوە، لەسەر پیکهینانی بزوتنەوەی سیاسی ناسیونالیزم لەو وولاتانەداو ئەمە بە شێوەیەکی ڕۆشن لە حاڵەتی تورکیادا دەردەکەوێت‌و ئێستاش لە سوریادا بە ڕۆشنی دیارە سەرەرای ئەوەی کە ناسیونالیزمی کورد لە کوردستانی عیراقدا دەسەلاتدارە، دیارە ئەم خاڵە مەدلولاتی سیاسی دیکەی هەیەو لیرەدا پیویست ن‌یە بچینە سەری.

بەلام ناسیونالیزمی کورد، بزوتنەوەی کوردایەتی، وەك نوێنەری بورژوازی کوردو لەپیناو ئامانجی بەشداریکردن لەدەسەلاتی سیاسی‌دا، کە پیویستی بەوەهەبوە وە ئێستا هەیەتی کە ناسنامەی نەتەوە بکاتە واقعیەتێك‌و پیداویستیەك. بزوتنەوەی کوردایەتی وەك نوێنەری بورژوازی پیویستی بەوەهەیە لەسەر پایەی شوناسنامەی جیاکردنەوە بەهۆی خستنەگەری ناوی "نەتەوە"وەو ئایدۆلۆژییەتی نەتەوەییەوە، خەلکی کوردزمان بەتەواوی جیا بکەتەوە لە "ئەوانی دیکە"و بۆ ئەمەش چەندین ئەفسانەو حیکایەت‌و خورافە دروست بکات‌و بە رەگ‌و ڕەچەلەکی مێژودا بچێتە خوارەوە. توانای ئەوەی هەبوە تارادەیەکی زۆر سەرکەوتو بێت لە شکل پێدانی نەتەوەیەکی بیٚ دەوڵەتدا بەتایبەت کە بەرانبەرەکەی حکومەتی ناسیونالیستی بەعس‌و نوینەری بورژوازی عەرەب بوە، هیجگار هارو کۆنەپەرستانە وەلامی داوەتەوەو ستەمی قەومی لەسەر نەتەوەی کوردی گەیاندۆتە ئەوپەری خۆی لەریگای ئیعدام‌و کوشتنی هەزاران کەسەوە لەریگای ئەنفال‌و کیمیایی باران‌و ویرانکردنی هەزارەها گوندەوە لەریککای تەعریب‌و ڕاگواستنەوە.... هەر ئەمەش وای کردوە ناسیونالیزمی کورد لە عێراقدا زۆرترین کاریگەری هەبیت لەسەر "نەتەوە"کەی خۆی لەعیراقدا لەچاو باقی ناسیونالیزمی کوردی وولاتانی دیکەی دەوروبەردا. بەبروای من لەحاڵەتی بونی دەوڵەتیکی مۆدیرن‌و سکولاردا لەعیراقدا، لەکاتی پیکهاتنیەوە لەسالی 1921، دەولەتیك مافە سییاسی‌و مەدەنیەکانی خەلکی عیراقی بناساندایەو دانیشتوانی عیراقی بەپیٚی مافی هاوولاتیبونی یەکسان بەرەسمیەت بناساندایە ئیمە ئەمڕۆ شاهیدی ناوێك نەدەبوین کە پیٚی بلێین نەتەوەی کورد، بەلکو شاهیدی نەتەوەی عیراق دەبوین وەکو نەتەوەی سویسرا کە 4 زمان، یان بەمانای ناسیونالیستی 4"نەتەوە" تیایدا دەژی بەلام هەرهەمویان خۆیان بە نەتەوەی سویسری دەزانن‌و شتیك نیە ناوی قەومی فەرەنسی‌و ئیتالی‌و ئەلمانی‌و رومانی بێت... نەتەوەی کورد دروستکراوی دەستی بزوتنەوەیەکی سیاسی‌یە کە بزوتنەوەی کوردایەتی‌یە. بەهەمان شیوە هەموو نەتەوەکانی دیکەش، کە هەریەکەیان دیارە هەلومەرجی دیکەی خۆی هەبوە بۆ پیکهاتنی. بەلام ئایدۆلۆژییەتی نەتەوەیی لەگەڵ ناوەرۆك‌و جەوهەری ئینساندا بەتەواوی دژایەتی هەیەو ناتایەتەوە لەگەڵیدا. ئینسان بەسروشتی خۆی نەقەومیەو نە نیشتمانی، بەلام ناسیونالیزم دەیکاتە ئینسانێك کە سەری لەبەر خۆی‌ناوەوو خوی جیادەکاتەوە لەوانی دیکە لەسەر پایەی شوناسنامەی نەتەوەکەی، کە نەك هیچ بەرژەوەندییەکی بۆ خۆی تیدانیە بە وینەی ئینسانێکی کۆمەلایەتی‌و جیگاو ریگا ئابورییەکەی بەڵکو دژ دەوەستیێەوە لەگەل زاتی ئینسانی خۆیدا. خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی کوردستان، ئەو حەقیقەتەی خستنە نێو زەینی سەدان هەزار کەسەوە لەخەلکی کوردستان، کە باسی نەتەوەو حکومەت‌و دەسەلاتی کوردی ئایدۆلۆرژیاو پروپاگەندەیەکە بۆ ڕاوکردن‌و بە لاڕیدا بردنی خەلکی کوردستان، باسێکە بۆ سەرکوت‌و برسیکردن، لەپیناو مانەوەو بەهیزکردنی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کوردا. ئەگەر نا و "نەتەوە" ئەوەندە مەقولەو زاراوەیەکی سروشتی‌و پیرۆزەو لە ناخی ئینساندا بونی هەیەو پیویستە جیامان بکاتەوە لە ئینسانەکانی دیکە، مانای چ‌یە پۆلیس‌و ئاسایش‌و پیشمەرگەکانی هاونەتەوە، بەگوللە دەکەونە ئاوێزانی هاونەتەوەکەیان، خۆیان هاو رەچەلەك‌و هاو زمانەکانی خۆیان قەسابی دەکەن؟!. باس‌و ئایدۆلۆژییەتی نەتەوە، پروپاگەندەی بیری بورژوازی‌یە بۆ شاردنەوە راستیە سروشتی‌و میژوییەکان، دروستکردنی ئەفسانەو خورافە لە زەینی ئیسنانەکانی هاونەتەوەدا !1 بۆ بیدەنگ کردن یان سەرکوتکردن‌و برسیکردنیان لەپیناو جیگاو ریگای بورژاوی ناسیونالیستی دەسەلاتدار لەئاستی جیهانیدا، وە حەتمەن بۆ بیدەنگکردنی خەلکی نەتەوەکەی‌و دوراگرتنی لەنارەزایەتی‌ولە شورش‌و...لەمبارەوە گیلنەر دەلێت" بەشیوەیەکی گشتی ئایدۆلۆژییەتی نەتەوەیی، دەنالێت بەدەست هوشیارییەکی ساختەوە. خورافەکانی واقع هەلدەگیرنەوە..."."

**بەلام سەرەرای هەمو ئەمانە. کێشەی کورد لەعێراقدا (باسی من لەسەر عیراقە) لە ئیستادا کێشەیەکی گەورەو مەرکەزییە لەسەر ئیمە، کۆمۆنیستەکان پیویستە وەلامی پیبدەینەوە. فیدرالیزم، راگرتنی کێشەی نەتەوەییە لە شوینی خۆی وتەنها ناسیونالیزمی کورد قازانجی لێدەکات و خەلکی کوردستان گەورەترین زەرەرمەندن تیادا، بۆیە ئیمە پیویستە وەلامی پێبدەینەوەو ریگا چارەی خۆمان بخەینە ڕووو هەوڵ بدەین خەڵکی کوردستان لە راستیەکانی ناسیونالیزمو ئایدۆلۆژییەکەیو ناوەرۆکی دەسەلاتەکەی هوشیار بکەینەوە. بە قەولی مەنصوری حیکمەت" .....کێشمەکێش و کێبەرکیّ و دوژمنایەتیان گەیشتبێتە ئاستێك لە خەست بونەوەو توند بونەوەو پێشینەو مێژوویەکیان هەبێت و حەساسیەتێکیان لە گشت کۆمەڵگادا دروست کردبێت کە ئەوی خستبیتە ریزی مەسەلە میحورییەکانی کۆمەلگاوە".**

**وەلامی ئیمە بەم کێشە، دیاریە سێهەم ئیختیاری ئێمەیە. ئیختیارێکی ناچاریو فەرزکراوە بەسەرماندا. جیابونەوەی کوردستان و پیکهێنانی حکومەتێکی سکولارو مۆدیرنە. بەکورتی چونکە هیچ ریگەیەکی دیکە بۆ پیکەوە ژیانی نیوان نەتەوەی کوردو نەتەوەی عەرەب لەعیراقدا نەماوە لەسایەی دەسەلاتی بۆگەن و سەرکوتکەرانەی ئیسلامی سیاسیدا، دەستورەکەیو فەرمانڕەوایی 3 سالی رابوردووی دەسەلاتی بەغدا بەرۆشنی ئەوە نیشان دەدات.**

**سەرچاوەکان:***


**– مەنصوری حیکمەت" میللەت و ناسیونالیزمو بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری" سایتی مەنصوری حیکمەت. وەرگیرانی سەعید ئەحمەد.**

– ئیریك هوبسباوم "الأمم والنزعة القومية" المدى. ترجمة عدنان حسين.

- إيرنست غيلنەر " الأمم والقومية" المدى . ترجمة. دزمجيد الراضي.

**- دەستوری سویسرا بە زمانی ئینگلیزی**